کوردستان نێت KURDISTAN NET

شێعر

# ئاوێستایەک بۆ نەسووتان

جەهانگیر غەفاری «ئاگرین»

دەزگای چاپ و پەخشی ڕێنما

سلێمانی ـ 2004

**1**

ئارتینا!

چاوت ئەڵێ:

بە دەریام مەشوبهێنە،

بۆ

دەریا . . . . دەریا خوێنی ڕژاو

وڵامێک بەدی ناکەم!

چاوت ئەڵێ:

بە ئاسمانم مەشوبهێنە،

ئەو، بێ هەواڵ ما،

لە ئازاری:

ـ ئەوکیژەی،

دەسگیرانی نەدیتەوە.

ـ ئەو دایکەی

ڕۆڵە یان برد و

نەهاتەوە.

ـ ئەو کوڕەی،

سێدارە

بابی هەڵلووشی و

تێزاب

مەمکی دایکی

شەهید کرد.

قامکت دەڵێ:

مەمنێ بە سینگی سازەوە،

هێشتا زووە،

لە وڵاتی پڕ لە «شبلی»

بڕۆمە سەر سێدارەوە!

قامکت دەڵێ:

بڤەیە . . . ئامان نەکەی

لێوت بنێ بە چاومەوە،

دەڕۆی . . .  دەڕۆی

– بێ گۆرانی –

بۆ سپێدە ـ ش

نایێتەوە!

2

ئێستا

خۆشم ئەوێی

دی نازانم

سبە ی . . . .

زریانێک

پەیمانەکەم

لێ نەڕفێنێ!

3

لە رووباری شێتی چاوت

سەردەمی منداڵیم

ماچ کردەوە،

بە ئەسپایی

مەرگی عاشقێک،

یەکەم پەیکی

وەرزی تازەی

رۆحی یاخیم خواردەوە.

ـ هەر بە تەنیاـ

خاک پێی زانیم.

4

هاتم . . . .

لە بارەگای لەنجە ولاری

دارستانی شکۆمەندت

چرۆی حەزم دیتەوە،

دڵم دانا

تا

ڕۆح تەنیا نەبێت!

تابلۆ یەک

لە پێکەنین ـ ی

ئەو هەوارەم هەڵگرت و

بۆ

نیشتمانێک لە غوربەت،

گەڕامەوە!

شەوانە

لە گەڵتایە دڵ و

ڕۆژانە

ڕۆح ـ م  سێبەرتە!

**5**

چاوت ئەڵێ:

لەڕۆمانە ساڵی تینوویەتی،

بدوێ ئاگر.

چاوت ئەڵێ:

لەو چوارینە لە داردراوانە، بدوێ باران.

چاوت ئەڵێ:

لە داستانی

عاشق کوژی ڕۆڵەی بەفر،

بدوێ درەخت

چاوت ئەڵێ:

لەتەنیایی بدوێ چاو!

**6**

تۆ . . . ئارتینا ـ ی

مەرگی قفلێ سەر زمانتم

هۆ نیوە تەوە،

وەکوو پرچی چیا.

تۆ . . . ئارتینا ـ ی

دواهە ناسەی گومان ـ م

دیت

لە پەیڤ ـ ێکی چاوتدا.

کازێوە.

بزەی بۆ چریووی

تۆ . . . ئارتینا ـ ی

خولقێنەری ئاگرستان و

ئاوێزانی ملوانکەی گڕ.

چراکانی مەهاباد ـ ت

دائیساو

هەڵگرتووە.

کاتێ هاتم . . .

بەسەرهاتی

دار بەڕووـ م

بۆ هێنای،

کاتێک شاخ لە تەنیایی دا

بێزووی بەمەرگەوە دەکردا

هاتم . . .

لە سوچێکی چاوە کانتا،

خۆم

دیتەوە،

شێعری ئەنووسی

بۆ

زیندەخەوان.

لیۆتم بینی

لە ئەسرین ـ ی مەتەڕێز

یەک . . . یەک . . . . یەک ـ ی

دووپات دەکردەوە . . .

7

هۆ خاک!

هۆ ئاو!

هۆ ئاگر!

هۆ زریانی هێلان چێکراو

لە ژوانی من ـ ـەکانا!

لە چوار چرای چوارینەوەدێ

ئارتینای ـ من.

هەزاران چرای

بۆ نە کوژانەوە پێ یە!

ئامادەبن،

خەو
نە تانیا تەوە.
ئارتینا
خەو ئەبینی،
بەژین و سەماوە،
خەو ئەبینی
بەکاریزی قاقاوە.
ئەو قەڵەمە
لە بەهار و
من ئاگرم
لە شەیدا بوون.
ـ باڵوێزی ڕووناکی یە ـ
لە ئێستاوە،
پەرلمانی ژان ئەگری،
بەبڕیارو

یاساوە.

awinTv نەورۆزانەیە

بۆ

کێلە شەهید کراوەکانی گۆڕستان.

machTv خەڵاتی یە،

بۆ ئەوانەی یەکتر ـ یان کوشت،

ـ خوێن ـ یان یەک بوو

ـ خەون ـ یان یەک بوو

هۆ چیا!

ـ هو تۆمارگە ی بیرەوە ری هەڵۆی کوێستان !ـ

لە ئێستاوە

خۆم بە خشیووە

بە م شۆخە.

هۆ تاراوگە!

موژدە یە کت ئەدە مێ:

ـ مەزار . . . ئەو مەزارانەی

چۆڵ ئەبن،

بیکە بە مۆزەخانەیکی نوێ

بۆ

کۆترەکان . . . .

ناوی بنێ:

«گمەی ئاشتی و پاداشتی شەو!»

ــــ وەرز ئاوسە

بە مەرگی دڕک ــــ

ئارتینا-م

ئەندازیارە و

بینا بۆ گوڵ لێ ئەدات،

ئەویندارە . . . .

ئەویندارێک یاخی لەزام،

چەند بێزارە

لە ئەفیوون و برسیەتی؟
بۆنی مێخەکی سەرسینگی
کەنیشکە شەهیدێکی هەڵگرتووە . .
تا . . . . لە ڕۆژی مەرگی دیوار
جە لادی پێ بتا سێنی!
بۆنی
بارانی قژی سپی
دایکی  شەهیدێکی هەڵگرتووە،
کە تەنیای تەنیا
لە داوێنی گا بەردێک دا
ڕووباری فرمێسکی دەسگیرانی
بۆ ڕۆڵە کەی
دەڵێتەوە.
بۆنی
ریشی سپی باوکێکی هەڵگرتووە،

بۆنی

پلووسکی کانی یه کی هەڵگرتووە،

تا . . .

له بەردەم ئاسۆدا

دەریایەک بە دی بێنێ.

**8**

چاوت ئەڵێ:

بە دارستانم مەشوبهێنە

ئێستا

تەنیایی ئازاری ئەدات.

هۆ دایەگیان!

هانێ . . . .

سوخمەی سوور

کراسی زەردو

شاڵی سەوزی

لە شێعر دوراوی ئارتینا ـ م.

هێشتا بیابانەولێوی

سیمای تفەنگێکی بە

ئارەزووگەیشتووی

ماچ نەکردووە!

هۆ دایە گیان!

چاوە ڕوانە

هەستە . . . برۆ

بتی خەیاڵڕسکی غروور

لەت لەت بکە . . . .

هۆ بابە گیان!

ئامادە بە

چۆپی کێش بی

لە گۆڤەندی ئاگرو حەزدا.

خوشکە کانم!

جامانەیەک

لە گوڵ ـ م

«لێتان دەوێ»

براکانم !

ئاڵایەکی تۆز نەگرتووم

«لێتان دەوێ»

**9**

21 ـ ە و سەدەی عەشقە

پەرلمانێک بۆ کەرامەت

چاو دەپشکوێ،

لە قەسیدەی پێکەنین ئەدوێ.

لە چوار چرای چوارینە وەدێ

ئارتینا ـ ی من.

دارستان،

گوڵ بدە لە قژی لوولت.

کوێستان،

بە تاجی تۆز گرتووتەوە، وەرە.

گۆڕستان،

بە کێل و شەهید ـ ەوە بێ.

چاوت ئەڵێ:

لەو هاوینەی

دوکتۆر بێدەرمان نابێ،

بدوێ غوربەت.

**10**

شانم ئەڵێ:

ئەو کوڵەکە قایمەنیم،

لە ژێر بارانەی قژی ئارتینادا

ڕاموەستێنی،

ناڵێی؛

ئاگری ئەو شەپۆلە

ئەمسوتێنێ.

پەنجەم دەڵێ:

ئێستا

کە ڕۆح سەر چاوەی خوڵقاندنە،

ناڵێی؛

تین و تاوی وشەکان،

قە ڵەم،

شەهید ئەکەن

لە ئامێزما.

چاوم ئەڵێ:

هەنگاو . . . بسپێرە وە با

تینوویەتی دیداری یار،

خەریکە

ژینم ئەخوا.

چاوم ئەڵێ:

خۆت بسپێرە وە خۆر

پە ساپۆرتی ناوێ سەفەر،

هەستە . . .

سا . . . دەی

قاقای درەختێکم ئەوێ،

چاوم ئەڵێ:

نەء . . . . نەء. . . .  نەء . . . .

بەڵێن

خەونم ناتارێنێ،

بەڵێن

شاحەزی تازەم

لەبیر ناباتەوە.

هەستە . . . درە نگە

هەستە . . . . هەستە نیوەی شەوە؛

ئێستا

ئارتینا

لە داوێنی خەڵوەتێکی پڕ ئاگرین

«سورەتی عەشق»

ئەخوێنێتەوە،

لە خوێندنەوە،

تا .. پێکەنینی پرچی هەتاو

لە شاخ

نابێتەوە.

تۆ ئەزانی؟

ئێستا ئارتینا،

کوورەی زیکری دابەستووە و

پەیتا . . . پەیتا

لە شەقامی شێعرەکانتا

ئەتوێتەوە . . . . ئەژێتەوە.

تۆ ئەزانی؟

ئێستا ئارتینا
سەری ناوە
بە توێڵی پڕ لە ڕازی
یەکەم چرۆی عەشقەوە،
تاو نە تاوێک
ناوت دێنێ،
بە خوێیەوە
ئەتنووسێنێ؛
بینی بەر داوەتە هەوار
شوێن پێی نیگام
ئەخواتەوە،
لەتان وپۆی زێڕینی حەز
ڕانک و چۆخە
بۆ تۆی
لە سپێدە سەر خۆش

ئەخوڵقێنێ

هەستە . . . درەنگە

بێ ئۆقرەیە . . . ئەوینەکەت

ژوانی دەوێ،

شێعر و گۆرانی

ئەوێ.

چاوم ئەڵێ:

چاوەکانی

بانگت ئەکەن،

هەستە . . . درەنگە

ئێستا ئارتینا،

ڕازی عەشقی درکاندووە،

هەستە . . . بمبە

با . . . بزێمە

ڕۆحی چاوی

بێ تەردیدی

پاشای دڵە بە خورپەکەت

چاوم ئەڵێ:

هەستە . . . . درەنگە

تۆ ئەزانی؟

ئێستا ئارتینا

ناوی تۆی کردوتە

گەردنی دانە دانەی چرکەکانی،

تۆ ئەزانی؟

ئێستا ئارتینا

جیهانێک لە تامەزرۆیی

بۆ پێشوازی هەڵگرتووە.

بە لێن مەدە . . . .

بریارم دەوێ

**11**

ئارتینا!

کوردستانێک سڵاوت پێش کەش،

با . . .

چلچرای تاراوگەت بێت.

مەهابادێک سڵاوت ئاراستە،

با . . .

ئاڵای بریات

شەکاوە بێ.

هەولێرێک سڵاوت پێشکەش،

با . . .

بێت بە برووسکەو

بەناو پێتەختی ئەوینا

سەمابکات.

دیاربەکرێک سڵاو

بۆ تۆ

با . . . . ژنانی بازاڕی باکوورم

گوێ ـ یان

لە سروودی چاوت بێت.

قامیشلویەک سڵاو بۆ تۆ

با . . .

ڕۆژئاوای «جگەر خوێن» ان

گوێی

لەسەفەری تۆ بێت.

جیهانێک سڵاو

بۆ تۆ.

کوێستانێک سڵاو

بۆ تۆ

- سڵاو ... سڵاو

کلیلی کردنەوەی دونیایەکی تازەیە -

چاوت ئەڵێ:

بۆم بدوێ،

لە حەسرەتی خاک ـ ی سوور!

**12**

ئارتینا!

تۆ . . . خرۆشی خەوتارێنی،

بڕیار نامەی پەرستین،

ڕەوانەی

کام هەواری خەوتوو

دەکەی؟

چاوت ئەڵێ:

لە شەهیدو ئاواتی

بدوێ بەردا!

چاوت ئەڵێ:

«پیرەمەگروون» و

«سەفین»

ئەدەم بەگژ

ئەوزاتانەی

زاتیان نییە،

ناسنامەی خۆم بۆ بنووسن . . .

من . . . شێتم . . . شێت

لە شێتی خاک و بەرد

تێ دەگەم،

کاتێ شەهید نائارامە

لەباوەشیا.

ئارتینا!

لە «گاتا» نووسراوەکانی ناوسەنگەر،

خەڵاتی ئەوێ،

قەڵەم و

زارۆکی شەهید.

ڕۆژباش

ئەمرۆ سلێمانی

چوو بە پیری خاکەوە.

ڕۆژ باش

ئەمرۆ سلێمانی

چوو بە پێشوازی

ئەوپێشمەرگەوە

بۆ سەربەخۆیی

گیانی بەخشی.

**13**

پێخەفی نیانی دەنگتم

بۆ بکەوە . . .

تینووی قومە وچانێکم.

نەء. . . . نەء . . . . نەء . .

با . . . ئەڵقەرێزی باخی لیمۆت

کرنۆش نەبەن

بۆ شەهوەتی پەنجەکانم،

لێم ون دەبێ

ڕێگای نوور. . .

چاوت ئەڵێ:

مەمشوبهێنە

بە چاوی کیژی ئەورووپی،

جیهانی من. . .

نامۆیانە،

منیش تینووی جیهانێکم

ئێستا ئەوان تیا ئەژین.

چاوت ئەڵێ:

هەدا نادەم،

هەتا . . . «خانی»

لە باشوور

بەدەم ئاوازی سەربەخۆیی

شایی نەکات.

هەدا نادەم،

تا «گۆڕ غەریبان»

لە نیشتمان – م ماچ نەکەم

هەدا نادەم

هەدا نادەم

هەدا نادەم

تا «قازی» و«سمکۆ»

تا «شێخ سەعید»

لە ئاهەنگی کە رامەت دا نەبینم.

هەدا نادەم،

تا . . . پرسە بۆ هێرۆیین نەگرم.

هەدا نادەم،

تا باڵوێز خانەی دەوڵەتان

لە باشووری وڵاتم

نەبینم.

هەدا نادەم،

تا «کەرکووک»م

لە ئامێزی کوردستان نەبینم.

هەدا . . . نادەم

ه . . . ـە . . . د . . . ا . . . ن . . . ا . . . د . . . ه . . . م.

تاوڵاتم بێ نەوەی داگیرکەر نەبینم.

**14**

چاوت ئەڵێ

کاتێ خەو ئەتباتەوە،

«قەندیل» دێتە دیدارم،

لە «ئاگرین» و

«زرێبار»و

هێزی سپێدە ئەدوێ

چاوت ئەڵێ:

یان شەهید بوون

یان برووسکەی سەربەخۆیی

نیشتمانی چاو جوانان؟

**15**

چاوت ئەڵێ:

ئاگرین!

یاخی نەبی

لە گەورە بوونی ناو دارستانی منا،

یاخی نەبی

ئەگەر بوومەتە،

ئێلهام و

سەری شیعرت ئاسمانیش بە جێ بێڵێ،

ئەگەر بوومە تە،

گۆچان

بۆ ساتی ماندوو بوونت.

چاوت ئەڵێ:

ئەز

لە «بایەزید»ەوە هاتووم،

بۆنی «گۆڕ قەرەچ» و

«بیرکۆت» ئەدەم،

ئێستا

شێعرم شێت کردووە،

ئێستا

وشەم لە قامووسی هەوسبازان

دەرباز کردووە،

ئێستا

خامە ـ م

لێوڕێژی

خۆشە ویستی نیشتمان کردووە،

چاوت ئەڵێ:

م

ا

ن

د

و

و

ی

ە

ت

ی

لە چی ئەچێ؟!

چاوت ئەڵێ:

شێعر

ئەنووسێ نیگام،

تۆ

بە ناوی خۆتەوە

بۆ خوێنەری بخوێنەوە.

16

لە چوار چرای چوارینەوەدێ یاری من،

لە گۆرانی و

ژین

ئەدوێت.

لە ئێوارەی خەم و

کازیوەی پێکەنین ئەدوێ

ئەوشۆ

لەم غوربەتە

تابلۆیەک نیگات میوانە،

لە شێعری «پەشێو» دەکات.

چاوت ئەڵێ:

ڕێبازت نەشێوێنێ زەمان،

ئەگینا

ئاوس ناکەم ئەندێشەت

بە قەسیدەیەکی دیکەوە . . .

چاوت ئەڵێ:

ئەز

لە مەرگی زنجیر و دیوار ئەژیم.

**17**

چاوت ئەڵێ:

ئەز

دەستی هەموو لایەک

گڕێ ئەدەم

بە یەکەوە،

دەبم

بەو وێنەکێشەی

تابلۆیەک

لە گشت ڕەنگ ـ ە کان چێ بکەم،

ـ زەرد . . . . تەنیایە.

ـ سەوز . . . . تەنیایە.

ـ سوور . . . . تەنیایە.

ئارتینا!

چاوت ئەڵێ:

هەستە . . .

نەک نیگای ئایدزی‌یەک

لێمت سێنی!

**18**

ئارتینا!

ئێستا کە تۆ نەخشەی عەشقمی

من

ڕێبواری کوێستانێکم

لە سەر خۆشی.

خۆم گوێم لێ بوو

دڵت وتی:

ـ وەرە ژووری

هەزار «توور»ت

بۆڕست دەکەم.

لێرە. . . تا خودا

مەودا مردووە! ـ

ـ وەرە ژۆری
هەزار قەڵا
بۆ بەرخۆدان
هەزار قە ڵەم
بۆ داهێنان،
وشەستانی هەڵفرینت
بۆ رست دەکەم
خۆم گوێم لێ بوو،
زمانت
نەفرەتی
لە ئۆتۆنۆمی کرد . . .
لە سەحەری هەمان شەودا
ئۆتۆنۆمی مردا!

19

ئارتینا!

چاوت ئەڵێ:

ئاوێستایە ک بۆ نەسووتان - م

دەوێ.

چاوم دەڵێ:

نەوەی ئاوێستا سووتێن،

بە سانایی

لە کوڵانە کانی شاردا

پیاسە ئەکەن!

**20**

ئارتینا!

ئێستا

«ئازادی»

باوە شێنی شیعرم ئەکات،

تۆ...

بە گڕ . . .

قاتڵانی خەونی خاکما ئەچی.

خۆشم دەوێی

چوونکە جوانی.

**21**

ئارتینا!

با . . . . ئاگر

نەمری بریارنامەی خۆشەویستی

گەرەنت بکات.

با . . . ئاگر

بچوکترین سستی بڕیار،

هەوەس،

گومانی دابڕان،

لە ناو ببات.

با . . . هەر . . . ئاگریش

برگە کانی ئەو پەیمانە

بۆ خوا ببا.

ئارتینا!

لە ئاگر گەیەک

بریارنامە

ئیمزا بکەین؟

لە ئاگر ئەدوێ

ڕێگا،

جانتا ـ م

لە سەفەر و ئارەزووی چاوم

تێ دەگا.

## 22

ئارتینا!

ئەز بە تەمام

دوو بە دوو

لە سەر مەزاری «پێشەوا» ئامادە بین

فرمێسکی چاوی بسڕین،

ئێستا

خەمی هەل سووتاندن

لە باشووری ئەنفال کراو،

ئازاری ئەدا!

ئەز بە تەمام

دوو بە دوو

تا دوورترین ئاوەدانی

کوردستان ـ مان

سەفەر بکەین،

گشت وشەکان کۆ بکەینەوە،
«لاروس»ێک
بۆکورد
چی بکەین.
ئەز بە تەمام
دوو بە دوو
سەردانی ئەوانەی بکەین،
جوانەمەرگیان لێ کەوتەوەو
کەس ئاوڕی
لێ نەدانەوە!

**23**

چاوت ئەڵێ:
هەستە . . . وەرە
وا ئارتینا ـ ی ریێ ئالاپێو
چاوەڕوانی

هاتنی ئاگرستانی

خۆت و شێعر و نیگات دەکات.

خەریکە

لێوی وشک ئەبێ

بۆ قومێک دیدارا!

**24**

ئارتینا!

بڵێ بە چاوی جوانت،

«ئاگرین» بەرێوەیە

لەشکری عەشقی لە گەڵە

بڵێ،

بە شەپۆلی قژت،

دە پەنجەی شێت

بەرێوەیە؛

پلانی شێواندنی تۆیان پێ یە.

بڵێ

بە گۆنات،

کەوتۆتەرێ،

پەرستیارەکەی

ترووسکە . . . . تروسکی نیگات.

بڵێ

بە باخی لیمۆ

لێو، زمان، پەنجەی بە سۆ

ڕێگە دەبڕن

بۆ بارەگات . . .

یە کەم بەری لە تۆ دەوێ.

بڕۆ . . . بڵێ،

بە پەنجەی پڕ هونەرت،

تین و گڕت

لە بیر نەچێ.

بڕۆ . . . بڵێ

بەو خەڵوەتەی

ئامادە یە، ڕامان گرێ،

کامێرای

لە بیرنەچێ؛

ڕۆمانسی ـ ترین فلیمی دونیا

لە ئێستاوە

بەرەو«ئۆسکار»

بە ناو خۆیەوە هەڵدەگرێ.

کاسێتی

لە بیر نە چێ،

لە ئێستاوە

بازاری مۆسیقای جیهان

پاوان دەکات.

بڕۆ . . . بڵێ

بەو درەختەی
سێبەری ـ مان
پێ ئەبەخشێ،
ئاوازی ناوی ئەو
«تووبا» و «رەعنا» ش
بەجێ دێڵێ.
. . . بڵێ،
بەو ساتانەی
ئێمە سواری پشتیان ئەکەن،
نەرم برۆن،
لە ئێستاوە
دەبێتە هۆی شانازی و
شاچرکەکانی زەمانە.
چاوەکانت سوێند بدە،
تەنیا . . . تاوێک پشوو بدەن،

جەنگەی دیدار
ڕەگی وچان لەبن دێنێ.
هۆ ئارتینای جوان!
برووسکەیەک
بنێرە بۆ «خانی»
تا . . .
شارەزوور
بە شەماڵی سۆزی ویسال
بدوێنێ.
چاوت ئەڵێ:
نەکەی بڵێی
پەلکەی دەریا، ئاسمان و جەنگەڵم.
. . . بڵێ:
بە چەمەدانی جل و بەرگ،
ئێوە بنوون

سەرتاپا

شیعر لە بەر دەکەم.

برۆ . . . بڵێ،

بە ڕۆژیار

فەرشی ساردمان لە تۆ دەوێ.

ماچ

Password ـ ی

کردنەوەی E-mail ـ ی

ڕازەکانە!

**25**

ئارتینا!

ئەگەر هاتم

تابلۆیەکی کۆنگرەی عەشقت بۆدێنم.

ئەگەر هاتم

لەزاری سەدەی 21 ـ ەوە

چراکانی مەهابادم
ئەدوێنم.
ئەگەر هاتم
شێعر دێنم
باران دێنم
دیمەنێک لەخوا دێنم.
ئەگەر هاتم
ماندوویدتی شەوانی ئینفرادی و
شوێن ماچی قامچی و
Mp3 جنێوی نەیار
ناهێنم.
ئەگەر هاتم
خەنەبەندانی رێبەندان و
سەرخۆشی بەهاری 91 دێنم.
ئەگەر هاتم

مۆژدەی خوڵقاندنی

ئاوێستایەک بۆ نەسووتان دێنم

ئارتینا!

تاران ـ هاوینی 2704 ی کوردی

## ناسنامە کتێب

**ناوی کتێب:** ئاوێستایەک بۆ نەسووتان

**دانەر:** جەهانگیر غەفاری «ئاگرین»

E-mail:agrin_k@yahoo.com

**بابەت:** شێعر

**چاپ:** سلێمانی 2004

**دەزگای چاپ و پەخشی ڕێنما**


بەرهەمەکانی جەها ی (ئاگرین)

**چاپکراو:**

١ـ بەرەولووتکەی شەیدایی/ شێعر/ کوردستان 2002

٢ـ ئاشتی/ راڤەی شێعری پەشێو/ سلێمانی 2003

٣ـ بەرەو باخی بەهەشت/ راڤەی شێعری هێمن/ سلێمانی 2003

**لە ژێر چاپدایە:**

ـ کورد، گەلێکی بێ پشتیوان/ کۆمەڵە وتار

ـ شابازی چیا/ بارزانی لە شێعری هەژاردا

ـ دیسان تیرۆر/ شێعر

ـ مەرگی رەنگ/ وەرگێڕانی شێعری سۆهراب سپێهری

ـ ژیانی خەونەکان/ وەرگێڕانی شێعری سۆهراب سپێهری

ـ رووخانی هەتاو/ وەرگێڕانی شێعری سۆهراب سپێهری

ـ ئەسیر/ وەرگێڕانی شێعری فرووغ فەرۆخزاد

ـ ئیمان بێنین بە سەرەتای وەرزی سارد/ وەرگێڕانی شێعری فرووغ فەرۆخزاد

ـ دیوار/ وەرگێڕانی شێعری فرووغ فەرۆخزاد

**ئامادەی چاپ:**

ـ بیری نەتەوایەتی کورد/ کۆمەڵە وتار

ـ بە کوردی ئەژیم/ راڤەی شێعری هەژار

دەزگای چاپ و بەخشی رێنما